

## پەیامی پشتیوانی لە پەنابەرانی مانگرتوو لە سویسرا .

پەنابەرانی مانگرتوو ئەندامان وهەڵسوراوانی فیداراسیۆن  داواکردنی مافی مانەوەو نیشتەجێ بوون لەلایەن ئێوەوە نیشانەی هەوڵێکی جدییە بۆ بەدەست هێنانی تەواوی داواکاریێکانی پەنابەران لە وڵاتی سویسرا دا.
بێگومان ڕێگەی مانگرتن وخۆپیشاندان ڕێگایەکی دروست وخەباتکارانەیە تا دەوڵەتی سویسرا ناچار بکات لە بڕیاری دژە پەنابەری هەڵبوەشێنێتەوە و مافی مانەوەو نیشتە جێبوون بە تەواوی پەنابەرانی عێراقی بدات.

هەربۆیە ئێمە وەک کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق پشتیوانی تەواوی ئەم مانگرتنە ئەکەین و هەرلیرەشەوە بانگەوازی سەرجەم پەنابەران لە سویسرا دەکەین بەم مانگرتنەوە پەیوەستبن و پشتیواني پەنابەرە مانگرتوەکان بکەن .هەروەها داوا لە تەواوی حزب و ڕێکخراوە ئینسان دۆستەکان دەکەین کە نامەی نارەزایەتی بنێرنە سەر سەفارەتەکانی سویسرا لە تەواوی دنیا وفشار بۆ دەوڵەتی سویسرا بهێنن کە هەقی مانەوە ومافی نشتە جێبون بەپەنابەران بدات وبریاری کوردستان ناوچەیەکی ئامنە هەڵبوە شێنێتەوە .

دەستەکانتان بەگەرمی دەگوشین

سەرکەوتوبێت مانگرتنی پەنابەران
کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

20.12.2007